# بیروباوەڕی(سەلەف) دەربارەی قورئانی پیرۆز

[ كردي – کوردی – kurdish ]

شـێخ محمد صالح العثيميين رحمه الله

**وەرگێڕانی:** سـایتی بەهەشـت
www.ba٨.org

**پێداچونەوەی :**پشتیوان سابیر عەزیز

٢٠١١ - ١٤٣٢

IslamHouse.com

# ﴿ عقيدة السلف في القرآن الكريم ﴾

« باللغة الكردية »

الشيخ ابن عثيمين رحمه الله

ترجمة: موقع بەهەشت

www.ba٨.org

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٢ – ٢٠١١

IslamHouse.com

# بیروباوەڕی(سەلەف) دەربارەی قورئانی پیرۆز

پرسیار کرا لەشێخ محمد صالح العثیمیین رحمه الله دەربارەی بیروباوەڕی سەلەف سەبارەت بەقورئانی پیرۆز؟

ئەویش وەڵامی دایەوەو فەرمووی:بیروباوەڕی سەلەف دەربارەی قورئانی پیرۆز هەروەك بیروباوەڕیانە دەربارەی هەموو ناوو سیفەتە تەواوەکانی خوای گەورە.ئەویش بیروباوەڕێکە بنیات نراوە لەسەر ئەو شتەی کەقورئان و سوننەتی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەلالەتی بۆ ئەکەن،وەهەمووومان ئەزانین کەخوای گەورە قورئانی بەوە وەسف کردووە کە (کلام) قسەی خۆیەتی.، وەلەلایەن ئەوە دابەزیوە وەك ئەفەرمێ: [ وَإِنْ أَحَدٌ مِّنَ الْمُشْرِكِينَ اسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ حَتَّى يَسْمَعَ كَلاَمَ اللّهِ ثُمَّ أَبْلِغْهُ مَأْمَنَهُ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لاَّ يَعْلَمُونَ] سورة التوبة:٦واتە:ئەگەر یەکێ لەموشریکەکان پەنای بۆتۆ هێنا پەنا بدە تا قسەی خواببیستێ(وبیری لێ بکاتەوە)لەپاشان بیگەنە جێگەی هێمنی خۆی،چونکە ئەوان گەلێکی نەزانن.،وەلێرەدا بێ گومان (کلام الله) قورئانی پیرۆزە،وەهەروەها ئەفەرمێ: [قُلْ نَزَّلَهُ رُوحُ الْقُدُسِ مِن رَّبِّكَ] سورة النحل::١٠٢ واتە:بڵێ جبریل ئەوە(قورئان)ەی لەلایەن پەروەدگارتەوەبەهەق دابەزاندووە.وەهەروەها: [ إِنَّ هَذَا الْقُرْآنَ يَقُصُّ عَلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ أَكْثَرَ الَّذِي هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ] سورة النمل:٧٦] واتە:ئەم قورئانەبەڕاستی زۆربەی ئەو شتانەی کەبەنی اسرائیل جیاوازیان تێیدا هەیە بۆیان ئەگێڕێتەوەو بۆیان بەیان ئەکا.جاقورئان قسەی خوای گەورەیە بەگۆ(لفظ) و واتاش(معنی)،خوا بەڕاستی قسەی پێ کردووە و خوێندوویەتی بەسەر جبریلی ئەمیندا،پاشان جبریل دایبەزاندووە بۆسەر دڵی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بۆئەوەی ببێتە یەکێك لەئاگادارکەرەوەکان بەزمانێکی عەرەبی ڕوون.

وەسەلەف بیروباوەڕی وایە کەقورئان دابەزێنراوە، خواش دایبەزاندووە بۆ سەرمحمد صلی الله علیه وسلم بەش بەش لەماوەی(٢٣)ساڵدا بەگوێرەی حیکمەت و دانایی خوای گەورە بۆ بارودۆخەکان،پاشان دابەزاندنی سەرەتایی(ابتدائی) هەیە وەهی واش هەیە لەبەر هۆیەك دابەزێنراوە،واتە: هەندێکی دابەزیوە بەهۆی هۆکارێکی دیاری کراو کەپێویستی کردووە،وەهەندێکی دابەزیوە بەبێ هۆ،وەهەندێکی دابەزیوە بۆ چیرۆکی حاڵی کەسانێك کە ڕابردوون لەپێش پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم و هاوەڵانی، وەهەندێکی دابەزیوە دەربارەی حوکمە شەرعیەکان(ابتدائی:سەرەتایی)، وەبەگوێرەی ئەوەی کە ئەهلی عیلم باسیان کردووە لەم باسەدا.

وەڵامان شاراوەنیە کەبەڕاستی خوای گەورە قورئانی بەوەسف گەلێکی گەورە وەسف کردووە،وەسفی کردووە بە(حکیم)دانا،وە(کریم)پیرۆز و بەڕێز،وە(عظیم) گەورە،وە (مجید)سەربەرز،وەئەو وەسفانەی کەخوای گەورە کەلامەکەی پێ وەسف کردووە بۆ ئەو کەسانەی کە دەستیان گرتووەە بەم قورئانەو کاری پێ دەکەن لەنهێنی و ئاشکرا ئەوە بەڕاستی خوای گەورە سەربەرزی و دانایی گەورەیی و دەسەڵاتیان پێ ئەدات، خوای گەورە ئەمانە نادات بەوکەسانەی کەدەست ناگرن بەم قورئانە، وەبۆیە لێرەوە هەموو موسوڵمانان بانگ دەکەم،حاکم و ژێر دەستەو،زانایان و خەڵکی گشتی بۆ دەست گرتن بە کتێبەکەی خوای گەورە(قورئان) لەئاشکراو نهێنی هەتا سەربەرزی،وکامەرانی و، و دەرکەوتن لەڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای زەوی بەدەست بێنن.وەداوا ئەکەین لەخوای گەورە کەیارمەتیمان بدات بۆ جێ بەجێ کردنی ئەمە.

[وەهەروەها پرسیاری لێ کرادەربارەی ئەو فیتنەیەی کەدروست بوو،کە ئەووترا(قورئان) دروستکراوە؟]

ئەویش وەڵامی دایەوە:لەسەردەمی پێشەوا ئەحمەد رحمه الله وەپێش ئەویش فیتنەو ئاژاوەی(خلق القرآن) دروستکردنی قورئان دەرکەوت، وە(معتزلە)کان بەمە هەڵدەستان، ئەیان ووت:کەلامی خوای گەورە دروستکراوە وەك هەموو دروستکراوەکانی تر،وە وەسفێك نیە لەوەسفەکانی خوای گەورە،جاقورئان بەخواوە نەوستاوە بەڵکو دروستکراوێکەو جیاوازە لەو،بۆیە جیاوازی ناکەن لەنێوا ئاسمان و ووتەی خوا،وەلەنێوان زەوی و ووتەی خوا،جاهەموو شتێك وەك دەڵێن دروستکراوە وەك ئاژەڵ و باران،وەگومانی تێدانیە کەبەهۆی قسەکانیانەوە چەندەها شتی ناڕەوا دێتە ئاراوە، جائەبێ ئەو کەسەبڵێ:کەووتەی خەڵك وەك ووتەی خوایە چونکە ووتەی خەڵك دروستکراوە،وەئەبێ لەسەری کەدابەشکردن(تقسیم) هەڵوەشێنێتەوە لەئایەتی(ألا له الخلق والأمر)چونکە(أمر)لەڕێگەی ووتەوقسەوە ئەبێت،جاکاتێ قسە بووە دروستکراو

جاهەمووی دروستکراوە بۆ دروستکردن،وەشتێك نیە بەناوی(أمر) بەڵکو تەنها (خلق) هەیە،وەئەمەش سەرئەکێشێ بۆ هەڵوەشاندنەوەی قورئان،وەچەندەها شتی تری لەسەرە وەك ئەهلی عیلم لەکتێبە درێژەکاندا باسیان کردووە.وەپێشەوا ئەحمەد رحمە الله و جگە لەویش تاقیکرایەوەچونکە (مأمون) کە خەلیفەی موسوڵمانان بوو سەرۆکایەتی ئەم قسەیەی دەکرد و خەڵکی بۆ بانگ ئەکرد.جا وەك زانراوە کەحاکم شتێکی پێویست کرد لەسەر خەڵکی گرانە لێ ی دەرچێت، جاکەس ئارامی نەگرت لەپیاوان جگەلە چەند پیاوێکی کەم نەبێ، وەپێشەوا ئەحمەد رحمە الله سەبرێکی زۆر زۆر و تەواوی گرت،بۆیە تووشی گرتن و لێدان وسزابوو،بەمەش ناسراو خوای گەورەش بەهۆی ئەوەوە بیروباوەڕی ئەهلی سوننەتی پاراست لەووتەی(خلق القران) جاخەڵك سوپاس بۆخوا لەدوای ئەو ئەیان ووت: قورئان ووتەی خوایەو دروستکراو نیە.

(مجموع الفتاوى للشيخ ابن عثيمين رحمه الله جزء١)